## شەونامەی شاعیرێک ... عومەر کەریم بەرزنجی

Omerbarznji@yahoo. com

لە نێو پێخەفێکی ساردووسڕدا شەوە بێزراوەکانی تەمەنی بەڕی دەکردوو لاپەڕەی ڕۆژژمێرەکەی ڕەش دەکردەوە، هۆنراوەکانی لێوان لێوبوون لە نائومێدی و نامۆیی، نامۆ بەهەموو شتێك تەنانەت بەخودی خۆیشی نامۆ بوو، هەمیشە پێی وابوو ئایندە کەروێشکێکی ماندوو شەکەتە بەدەست تانجی زەمەنەوە، گەلێك جار خەونی بەوەوە دەبینی لە نێو باخچەیەکی پڕلە گوڵ و گوڵزاردا لەتەك کچێکی چاو شینی قژزەردی بەژن زراڤدا، بەژێر سێبەری دار سەرووەکاندا و بەسەر چیمەنە کەسکەکاندا پیاسەیان دەکرد، وەلی نیگای چاوە شینەکان و باخچەی پڕلە گوڵ و گوڵزار جگە لە قەرەوێڵەیەکی ساردو سڕی نێو بیمارستانی شار هیچی دیکەنەبوو، کە چاوی هەڵبڕی پەرستارێکی پرچ زەردی چاو شین، بەدەستە سپی و ناسکەکانی لێدانی دڵی دەژمارد.

## شاعیری دەربار

هۆنراوەکانی جوانترین شاباشی ئەم بوون بۆ دەرباری شاو پیاوەکانی، شا سەرمەستی وشە ئەفسووناویەکانی نێو هۆنراوەکانی بوو، ئەمیش شێت و سەرمەستی پول و سامان و زێڕو دیارییەکانی شاو پیاوەکانی دەرباری بوو، پێی وابوو هۆنراوەکانی ڕێگاکانی ژیان دەگەنە باخچەیەکی رازاوە بەگوڵ و گوڵزار، وەلی ووشەو دێڕی هۆنراوەکانی شمشێرێکبوون بۆ سەربڕینی گوڵەکان و ئەتککردنی باخچەکانی موحیبەت، ئەودەمەی شاعیر دەبێت بەجەلاد بولبولەکانی نێوباخچەکان لەخوێندن دەکەون، مانگ دەبێتە فانۆسێکی بێنەوتی دەستی قەدەر، کەون دەبێتە تۆپێکی فتبۆڵێنی پێی شاو پیاوەکانی دەرباری، ئەودەمەی شاعیر دەبێتە جەلاد شیعر دەبێت بەشمشێرو، دیوان سێڵاوی خوێن، وەلی مێژووش شمشێرێکی خوێناوی دەینووسێتەوە.

## پێخەفی حەز

"لێوەکانم تامەزرۆی مژینی لێوە تەڕوو ناسکەکانت بوون، تۆیش سەرمەستی نێو پێخەفی پڕلە حەزوو بڵێسەی ئاگری شەهوەت، من و تۆ لە دوو ماری عاشقەو ماشقە دەچووین، لێوەکانت کانیەك بوون تینوێتی لێوەکانمیان دەشکاند، بیرتە شەوان ئاوێزانی ڕۆحم دەبوویت ئاوێزانی ڕۆحت دەبووم، وەلی گوڵم ئێستا لەنێو بیابانی تەنهایدا لەسەر سنگی لمی داخبووی ئەم قەدەرە بۆ شوێنپێیەك دەگەڕێم شوێن پێیەك بمباتەوە سەر ڕێگاکانی خۆشبەختی، نێو کوخەکانی بەختەوەری". بەم جۆرە کۆتایی بەو نامەیە هێنابوو"شەوێك لە شەوەکانی پایز شوێنی نووسینی نامە ژێر درەختێکی قژتەزیوی، باخچەکانی نائومێدی بەروار". بەرواری نووسینی نامەکە نەدەخوێنرایەوە پێدەچوو چەند دڵۆپە فرمێسکێك بەروارەکەیان شێواندبێت، چاوی بەئەرشیفی نامەکانیدا گێڕا، پەپولەی نیگای لەسەر یەکێك لە نامەکان گیرسایەوە"دڵە کەم زۆر تامەزرۆی ئەو بەیتە شیعرەی خەیام بووم کە لە نامەکەی پێشووتا بۆت نووسیبووم:

*مەیگێڕ بەسەرت پڕدی سیراتیش کەڵەکە

سەیرانی بەهەشت سەیری دووچاوی بەڵەکە
وەلی ئێستا واهەستەکەم عەشق درۆیەکی جوانەو یەکتری پی فریودەدەین، لێرە عەشق بەشەڕهاتنە لەگەڵ بتەکانی پەرستگاکانی نیشتیماندا". تەواوی نامەکەی بۆ نەخوێندرایەوە، لوولی کردوو لە سووچێکی ژوورەکەیدا فڕێی دا، بەدەم قوڵپی گریانەوە، کەوتە خوێندنەوەی دوانامە"ڕەنگە پێم بڵێی دڵبەرێکی شێت وەختێك لە سەرەتای نامەکەما بۆت ئەنووسم دوانامە، دەزانم دەپرسیت بۆ دوانامە، وەلی پاشان تێدەگەیت بۆ، بیرتە پێت دەوتم کچی ئەڵێی بڵێسەی ئاگری، سووتان بۆ ستیان ئەی ئەگەر خاوەنی ستیانەکە بوو بە بڵێسەیەك و دێڕ بەدێڕی نامەکانی خۆشبەختی ژیانی سووتان ئەوسا چی!!!؟؟؟. ". لێویێك هەڵئەوەری، تارایەکی سپی لەژێر هەڵوەرینی گەڵای زیوینی درەختی نێو حەوشەکەدا ڕەش دەبێت تارایەکی ڕەش، بایەك پەنجەرەی ژوورەکە واڵا دەکات نامەکان تێکەڵ دەبن لەبەر خۆیەوە دەڵێت: ئەمشەو کەون لە مەیتخانەیەك دەچێت، خودا بۆخۆی مەیت شۆرەو کفن دوور.
*بەیتە شیعرێکی خەیامی شاعیرە لە وەرگێڕانی مامۆستا هەژاری موکریانی.

## گەڕانەوە

بێپەروا بەناو ژوورەکەدا لە هاتووچۆدابوو، وەك جەنگاوەرێکی تێك شکاو دەهاتە بەرچاو، ڕەنگی لە گەڵای زەردی درەختەکان دەچوو، ئەو گەڵایانەی بەدەم بای خەزانی پایزەوە هەڵدەوەرین، پاکەتە جگەرەکەی گیرفانی هاودەمێکی ئازیزو خۆشەویستی هەمیشەیی بوو، دەستی کرد بەگیرفانیداو پاکەتەکەی دەرهێنا، نیگای لە حاشاماتی سەر شەقامەکە بڕی و مژێکی قوڵی لە جگەرەکەی دەستی دا، لەبەر خۆیەوە دەدوا"ئای غەریبی، ئەی نیشتمانە تەنیاو وێرانەکەم تاکەی بەیەکتر نامۆبین، بۆچی وەك خێڵێکی گەڕۆك هەموو دەمی بۆ هەوارگە خامۆشەکان بەڕێوەبین".
لە بەردەم پەنجەرەکەدا ڕاوەستاو چاوی بڕییە ئاپۆرای ئەو حەشاماتەی بەسەر شۆستەکانی ئەمبەرو ئەوبەری میوانخانەکەدا لە هاتوو چۆدابوون، هەستی بەلێڵی چاوەکانی کرد هەربۆیە چاویلکەکەی چاوی داگرت و چاوەکانی پاککردەوە و کردییەوە چاوی، تەماشای ئەو پەڵەهەورانەی دەکرد کە بەئاسمانی شاردا بڵاوببونەوە، هەندێك لەو پەڵە هەورانە زۆر سەرنج ڕاکێش بوون یەکێك لە پەڵە هەورەکان لە سەری داڵێك دەچوو لە لاشەی جیاکرابێتەوە، پەڵەیەکی دیکەیان لە نەخشەی وڵاتێکی لەت لەت بوو دەچوو، هەورەکان لە جوڵەیەکی بەپەلەدا بوون، پۆلێك مەلی کۆچەری سەرنجیان ڕاکێشا، وەلی بەهێمنی ملی ڕێگای هەواری نوێیان گرتبووە بەر، وێنەی ئەو باڵندە کۆچەرییانە ئەو ساتانەی دەهێنایەوە یاد، ئەو ئێوارەیە، هەورێکی چڵکن بەری ئاسمانی تەنیبوو، مانگ وەك کچە عازەبێکی شەرمن، لەنێو تەم و غوباردا وندەبوو، خەڵکی شپرزەو سەرلێشێواو شاریان چۆڵدەکردوو ڕووەو هەوارێکی نادیار کۆچیان دەکرد، لە سوپایەکی بەزیو دەچوون، خۆیان تەسلیمی قەدەر دەکرد.
ئەو ئێوارەیە بەربانگیان نەکردەوە، ئەو جلانەی کە بۆ جەژن کڕیبوویان، لەگەڵ هەندێك نان و خواردەمەنی کە بەشی چەند ڕۆژێك بکات کردیانە ناو گونییەك و تارا دای بەکۆڵیداو لەگەڵ خزم و دۆستاندا ملی ڕێگایان گرت ئەو ڕێگایەی لە شارەوە دەردەچوو بەرەو مەنزڵێکی نادیار ملی ڕێگەیان گرت، تارا کچێکی باریکەلەی باڵابەرزی تەمەن بیست و حەوت ساڵان بوو، کچێکی شەرمن و گۆشەگیر بوو، بەردەوام خۆی دوورە پەرێز دەگرت لە کەسانی دەوروو بەری و زۆر بەکەمی تێکەڵی دەوروو بەری دەبوو، وەلی هەستو سۆزێکی

بێوێنەی هەبوو بەرانبەر بەکەسانی خێزانەکەی، بەبچوکترین رووداو دوچاری شپرزەیی دەهات، وەلی ئەو ئێوارەیە پتر لە هەموو رۆژانێکی تر هەستی بەنیگەرانی و دڵتەنگی دەکرد، تا ئەو ساتانەی شاریان بەتەواوی بەجی هێشت و ماڵئاواییان کرد ئەم بەردەوام ئاوڕی بۆ دواوە دەدایەوەو نیگەرانی گەڤەری برای بوو، گەڤەر بڕیاری دابوو لەگەڵ پێشمەرگەکانی برادەریدا بەرگری بکەن و بەرەو رووی هێزەکانی دووژمن راوەستن، تارا بەردەوام لەبەر خۆیەوە دەیگوت، گەڤەر دەکوژرێت، دایە ئیتر گەڤەر نابینمەوە، رۆی گەڤەر رۆی.
دەنگی کەسێك کە لە ژوورەکەی تەنیشتیدا نیشتەجێبوو بەئاگای هێنا، روانینی لەسەر پەڵەهەورەکان گواستەوە نێو ئەو خەڵکەی بەبەردەمی میوانخانەکەدا دەڕۆیشتن، لە دوورەوە سیمای کەسێك رایچڵەکاند. سیمای هەرلە سیمای تارا دەچوو، وەلی ئەو عابایەی لەخۆیەوەی پێچابوو نەیدەهێشت بەجوانی روخساری دەربکەوێت، بەپڕتاو لە میوانخانەکە هاتەدەرەوەو چووە ئەوبەری جادەکە، چەندجارێك هاواری لێکرد. . . . تارا. . . . تارا. . . ت. . . . ا. . . . . . ر. . اااااااا.
ئەوکەسانەی بەوێدا دەڕۆیشتن بەشێوەیەکی سەرسوڕمانەوە سەیری رووخساری دێوانە ئاسایان دەکردوو، بەبی ئەوەی هیچ شتێکی پێبڵێن روویان لێی وەردەگێڕا، بێپەرواو بەسەر شۆستەکەدا کەوتە راکردن، چەندهەنگاوێکی مابوو بگاتە لای بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد، تارا. . . تارا گیان، وەلی کەس ئاوڕی نەدایەوە گەیشتەپەنای و چمکی عەباکەی ڕاکێشا و بەهێواشی بانگی کرد، تاراگیان بۆچی ئاوڕ نادەیتەوە، کاتێك ئاوڕی دایەوە، وەختەبوو دووچاری سەکتەببێت، تارا نەبوو، کچە تەماشایەکی روخساری ژاکاوو زەرد هەڵگەڕاوی کردوو بۆ چەند ساتێك لێی ڕوانی وەلی هیچی نەوت ملی رێگاکەی گرت و سات لە دوای سات پتر لێی دوور دەکەوتەوە، تەماشایەکی ئاسمانی کردوو نیگای لە خۆرهەتاو بڕی، ترپەی لێدانی دڵی زیادی کرد و چاوەکانی لە ئاسمان بڕیبوو لەهۆش خۆی چوو.
رۆژنامەکان نووسیبیان، کەسێك لە خیابانی. . . . ی تاران دووچاری سەکتەی دڵ هاتووەو هیچ ناسنامەیەکی پێنییە، تەنها وێنەیەك لە گیرفانیدا بینراوە وێنەی خۆی و ئافرەتێك، هەرکەسێك دەیناسێت پەیوەندیمان لەگەڵ بگرێت بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی.

## بارچاوەش

دەیان گوت لیباسەکەی بەری بخەیتە نێو ئاوی دووکان هەرچی زیندەوەری تێدایە دەتۆپن، وەلی ئەم لە زیندەوەرێکی ترسناك دەچوو زیندەوەرێك لە هەموو ڤایرۆس و بەکتریاکانی دنیا ترسناکتر